www.kurdistannet.org
11-10-2006 8:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کێشەی گەنجان و کەمتەرخەمی کۆمەڵگا ... سارا عومەر

دانمارک
2006 .10 .06
Xozga86@hotmail. com



بێگومان گشت یەکێک لە ئێمەی مرۆڤ چ نێر بین یان مێ هەر لە سەرەتای هاتنە ژیانەوە یەکەم نیگامان دەکەوێتە ئامێزی هەنسک و قوولْپی گریانی منداڵیمانەوە و دواتر چواردەورەکەمان. پێدەچێت سەیر نەبێت گەر بڵێین ئێمەی مرۆڤ تا ئەم ڕادەیەیی ژیانیش بەدەست دەسترازەی بێشکەی منداڵیمانەوە ئەکرۆزێینەوە و خوا خوامانە بمان هێننە دەرەوە، تا ژیان بە جوانییەکەی خۆی ببینین. ئێمەی مرۆڤ لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دی یاخود لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دی جیاوازیمان هەیە و شێوازی بیر کردنەوەمان دەکرێت چەند جارێک بگەڕێتەوە سەر ئەو کوچەیەیی تێیدا بەخێو کراوین. پێدەچێت کەسانێکیشمان هەبن هێندەی دووری زەوی و ئاسمان لە بۆچوونی خانەوادەکەیانەوە دوور بن. ئەمە لە کاتێکدا ڕوودەدات، کە ئێمەی مرۆڤ گەنجین و لە تەمەنێکدا هەوڵ دەدەین خۆمان بدۆزینە و کەسایەتی خۆمان بە خۆمان دیاری بکەین نەک پێش گەورەبوونمان لەلایەن چواردەورەکەمانەوە دیاری کرابێت.

لە کاتێکدا لە سایتەکانی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە جیاجیاکاندا نوسینی زۆربەی گەنجی ئەم سەردەمە ئاڵۆزە بەر چاومان دەکەوێت و دەیخوێنینەوە زۆربەی کات پڕیەتی لە ناخۆشی و نیگەرانی و دەردەسەری و کێشەی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی. ئەم شێوازە نوسینانەش چ لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان و چ لە ناوەوەی کوردستان زۆر باون و بەڕاستی دەقێکی تایبەتی لە ژیانی کەم تا زۆری هەر لاوێکدا دەستنیشان کردووە. بێگومان ئەمە جێگای سەرسووڕمانە گەر گەورەکانمان یاخود ئەو کەسانەی کاریان بە دەستە لەم جۆرە نووسینانە نارِوانن و دەزگایەکی تایبەت بە کێشەی گەنج ڕێک ناخەن. چونکە ئێستا و لەم سەردەمەدا هێندەی فرمێسک دەبینرێت پێکەنین نابیسترێت. هێندەی دابڕان دەبینرێت بۆ یەک بوون نابینرێت. بە بڕوای من ئەمەش یەکێکە لەو هۆیە سەرەکیانەی نووسین تێیدا لە دایک دەبێت. گەر ئێمە چەند پسپۆڕێکمان هەبووایە و ڕۆژانە چەند ساتێکی بە خوێندنەوەی ئەم جۆرە نووسین و ئەم جۆرە نارەزایی دەربڕینانەوە بەکار بهێنایە، ئەوا بێگومان کێشەی کۆمەڵ تا ڕادەیەک زۆر کەم دەبۆوە و کپ دەبوو. دانانی گروپێکی موزیک و تیپێکی تۆپی پێ و کردنەوەی سوورێکی دوورمان بەس نییە بۆ خەنیکردنی گەنجان و چارەسەر کردنی کێشەکانیان.

گەر کۆمەڵگاکەمان لەهەوڵ و کۆششەکانیانا بۆ گەنجی کورد زیاتر تێکۆشەر بن بێگومان کێشەی خۆ کوشتن و کێشەی وڵات جێهێشتن و چەندین کێشەی تریش کەم دەبێتەوە.

گەر سەیرێکی وڵاتەکانی دەرەوەی کوردستان بکەین بە تایبەتی ئەوروپا، دەبینین هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە بگرە تا زانکۆ و شوێنە بەرزەکان ڕۆژانە پسپۆڕی دەروونزانی (سیکۆلۆژ) تایبەت بە قوتابخانەکان لە بار و هۆش و ئاکاری هەر تاکێک دەپرسنەوە، بە تایبەتی گەنج کە بایەخێکی زۆری پێدراوە. ڕەوانناس ئەوە ناگرێتەوە کە تەنها لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا کار بکات، کە بەدەست نەخۆشی ژیری یاخود هزرییەوە بناڵێنێت، بگرە بە پێچەوانەوە مرۆڤی نەبیماریش سەردانی دەکات بۆ زیاتر خۆناسین و تێگەیشتن لە دەروونی خۆی. ئەم دەزگایانە لەلایەن میری ئەو وڵاتانەوە دامەزرێنراوە.

ئەوان هەردەم ئاگاداری گەنجەکانی خۆیانن و دەرگایان کراوەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان کە ئەگەر هات و هەستیان کرد پێویستیان بە کەسێک هەیە بەدەر لە خێزانیان گوێیان بۆ بگرێت. زۆربەی گەنج خۆی بڕیار دەدات، کە نەچێت بۆلای کەسێکی بێگانە و باسی کێشە ناهەمووارییەکانی خۆی بۆ بکات. بەڵام هەندێکیش هەن زۆر بە خۆشحاڵییەوە ڕودەکەنە ئەو جۆرە شوێنانە، تا بە ڕادەیەک دڵتەنگی خۆیان لە غەم برەوێننەوە. ئەم شێوازە خزمەت کردنە زۆر گرنگە، چونکە هەموو دەزانین گەنج نیوەی کۆمەڵە و دواتریش تەواوکەری کۆمەڵە لە هەر کۆمەڵگایەکدا لە جیهان.

کام یەک لە ئێمە ئەوە نازانێت، کە گەنجان پێویستان بە گوێلێگرتن هەیە، کە کاتێک تەمەنی لاوێتییان دێتە پێشەوە وەک لاوێک سەیریان بکرێت نەک هەر وەک مندالەکەی جاران و یان وەک پیاوێکی گەورە لێی بڕوانرێت. پێویستە مرۆڤ تا منداڵە بێت منداڵ بژی و تا گەنجە گەنج بژی و هەر ساتێکیش ئاستی لە ئاستی لاوێتیدا نەما ئەو کات خۆی ئازادە گەر ڕێگای گەورەبوون هەڵبژێریت یان نا.

بەداخەوە زۆربەی دایکان و باوکانی کۆمەڵگای کوردی لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بەدەست کاروباری بژێوی ڕۆژانەیان سەرقاڵن، یاخود بە کێشەی تایبەتی خۆیانەوە و لەو کاتەدا پێداویستییەکانی تاکە کەسی نێو خێزانەکەیان لەبیر نامێنێت و وە ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی پاڵەپەستۆی دەروونی وە گوشاری جەستەیی ئەمەش مادوویەتی و شەکەتی دروست دەکات، کە کار دەکاتە سەر تەندروستی ئەو گەنجانەی لەو ماڵانەدا گوزەران دەکەن.

هەر یەکێک لە ئێمە پێویستی بە سەرنجی دەووروبەر هەیە و پێویستی بەوە هەیە، کە لەلایەن چواردەورەکەیەوە گوێگرێکی هەبێت. گرنگ نییە بۆچوونی ئەو گەنجانە بەڵگە لە ڕاستەقینەی واتای ژیانی مرۆڤایەتی بکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە گوێگریان هەبێت، تا ئەو گەنجانە لای خۆیانەوە هەست بە بوونی خۆیان بکەن و هەستیش بەوە بکەن کە کەسانی چواردەووریان گرنگیان پێدەدەن.